# تەواوكەری چاكسازی پاكسازیە... وەهاب شاه محمد

چاكسازی وەك پرۆسەیكی بەردەوامی گرنگ بۆ پیشخستنی دامووده‌زگا ئیداری وحزبیكان زۆر گرنگ و پیویستە، لە كاتیكدا ئەم دامووده‌زگانە لەلایەن هەندێ كەسانی دەروون لاوازەوە بەكاردەهینرێ بۆ بەرژەوەندیە تاكایەتی و كۆمەلایەتیكانیان، هەرچی بەرژەوەندی ولات ومیلەت هەیە مەسەلەیكی لاوەكیە بەلایانەوە، هەموو كاریكیش ئەنجام دەدەن بۆ گەیستن بە ئامانجە تەسكەكانیان.
چاكسازی وەك پرۆسەیكی پیویست بۆ گەشەدان بە دامووده‌زگاكانی ناو ولات نەك تەنها لەئاستی گۆرانكاری تەكنیكی و ئابوری دیتەپیشەوەو پیویستە، بەلكو پیویستی بە گۆرانكاری بنەرەتی هەیە لە جۆری ئەو هیزە كارمەندانەی ئە دامووده‌زگانە بەریوەدەبەن.
زۆر لە دامووده‌زگاكانی ئیداری یان حیزبی لەلایەن كەسانیكەوە بەریوەدەچێ كە نە لەئاستی بەرپرسیاری گونجاوون بۆ ئەوجۆرە كارانە، نە لەرووی زانستیەوە، بوون ومانەوەشیان تەنها بووەتە بارسەنگی بۆ ئابووری ولات وپیویستكانی گەشەكردن تیای.
ئەمرۆ زۆر لەو دامووده‌زگانە لەرووی كاری خزمەت گوزاریەوە زۆر لەپاشەوەن بە بەراوورد لەگەل دامووده‌زگاكانی جیاهنی مودیرن.
ئەوجۆرە كەسانەی كە پۆستی ئیداری یان حزبایەتیان لە ریگای پەیوەندی تاكایەتی، حزبایەتی، خزمایەتی یان كۆمەلایەتیكانەوە دەستكەوتووە، لەكاتیكدا هیچ توانایكی كەسایەتی یان زانستیان نیە بوونەتە هۆی دواخستنی كاری خزمەت گورزاری كارەپیویستیكان وگەشەكردنە زانستیكانی پیویست بۆ هاولاتیان، لەهەمان كات نارەزای زۆری لای خەلكی درووست كردووە لەناو ولات دژ بە بوون مانەوەی ئەو جۆرە كەسانە لەو پۆستانەیان.
ئاوردانەوەیك لەهەموو ئەو كۆمەلگایانەی كە لەماوەی 40-50 سالی رابردوو سەربەخۆی وئازادەی خۆیان بەدەست هیناوە، كە لەسەر هەمان بیرو سیستیمی كاری لەو جۆرەی ئیستای كوردستان بەریوەدەچێ، كە تەنها پەیوەندیە حزبایەتی وكۆمەلایەتیكان ریگای بۆ دامەزراندن وپۆست وەرگرتنیان ئاسان كردووە لە دامووده‌زگاكانی ناو ولات، ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات كە چۆن لە هەموو لایەنیكەوە دواكەوتوون.
ئەو كۆمەلگانەی كە لەسەر هەمان شیوازی ئیستای كوردستان سیستیمی ئیداری وحزبایەتیان پیكهیناوە دووای رزگاری، گرفتاری كیشەی ئابووری وسیاسی گەورەیان هەیە، هەموو هەولیك بۆ چاكسازی لەم كۆمەلگانە رووبەرووی كیشەی سیاسی و كۆمەلایەتی دەبیتەوە، بۆیە زۆر گرنگ وپیویستە هەر لەئیستاوە ئیمەی كورد چارەسەری ئەو كیشەیە بكەین وریگاش بە بەردەوامی نەدەین.
بەردەوامی و بیدەنگی لەسەر گەندەلی نەك هەرەشەیكی گەورەیە بۆ كۆمەلگاو پیشكەوتنی لەهەموو لایەنیكەوە، بەلكو هەرەشەو مەترسی بۆ بوون ومانەوەی خۆدی سیستیمە سیاسی وئابوریكە درووست كردووە، پاشان ریگا لەهەموو هەنگاویك بۆ بەدیومكراسی كردن ومەدەنی كردنی كۆمەلگا دەگرێ وولات لەگیژاووی كیشە سیاسیكان سەرگەرم دەكات و ئالۆزیكان رۆژ بەرۆژ قولتر دەكات.
بۆ چاكسازی هەندێ خالی گرنگ هەن كە پیویستە رەچاوبكریت وە لەهەموو ولاتانی مودیرن وپیشەوكتوو بەریوە دەچیت لەوانەش.

1. دانانی یاسای تایبەتی بۆ دامەزراندنی ئەو کارمەندانەی کە لە داموودەزگا خزمەتگوزاریێکان بەرچاودەکەوێ. هەندێ لەو یاسانە ڕێگە نەدانە بەهچ کەسێک کە پۆستێکی ئیداری وەربگرێت کە بەڵگەنامەی زانستی گونجاوی بۆ ئەو پۆستانە نەبێت. بێبوونی ئاستێکی زانستی پێویست بۆ پۆستەکان لەبووارە جیاکاندا تەنها ڕێگر دەبێت بۆ پێشخستن وگەشەکردنی مودیرنی ئیداری کە زۆر پێویستن بۆ گەیشتن بەو ئاستەی پێویستن.

2. پیاچوونەوەێکی تەواو بەسەر هەموو دامووەدزگا ئیداریێکان بۆ دیاری کردنی ڕێژەی کارمەندان وپسپۆرانی پێویست لەو دامووەدزگانە، پاشان دەرکردن ولادانی هەموو ئەو کەسانەی کە پێویست نیین لەو دامووەدزگانە، کە مانەوەیان کێشەی ئابووری وئیداری بەدوواوەیە.

3. ڕێگا نەدان بە هیچ لایەنێک وکەسایەتێکی سیاسی کەدەست بخاتە ناو کاروباری دامووەدزگا ئیداریێکان، سەربەخۆێکی تەواو بدرێت بە دامووەدزگاکانی ئیدرای لەرێگای یاسای تایبەتەوە لە دامەزراندن ولابردنی ئەو کەسانەی کە شایستەی ئەو پۆست وکارانەیان نیە لە دامووەدزگاکانی ئیداری.

4. دانانی بوجەی پێویست بۆ هەموو دامووەدزگا ئیداریێکان بۆ کرین وئامادەکردنی پێویستیە تەکنکێکان بۆ ئەو دامووەدزگانە بۆ ئەوەی لەئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو بێت. بێ بوونی یاساو ئامرازی تەکنیکی مودێرن بۆ بەرێوەبردنی دامووەدزگا خزمەتگوزاری وئیداریێکان کارەکان دوائەکەوێ ودەبێتە هۆی درووست بوونی بیروقراتی لەو دامووەدگانە.

5. کردنەوەی خوولی پێویست بۆ کارمەندان وپیاچوونەوە بەسەر کارەکان هەفتەی جارێک لەلایەن بەرپرسیاران وکارمەندانی دامووەدزگاکان، پاشان ڕێگانەدان بە هیچ کارمەندو وبەرێوبەرێک لەو دامووەدزگانە کە لەرێگای پۆستەکانیانەوە کار بۆ پێشێلکردنی کار و بریارەکان دەکەن.

6. لەهەمووی گرنگتر بوونی یاسای ئیداری مۆدێرن بۆ بەرێوەبردن و بریارەکان چی لەرووی خزمەتگوزاریەوە بێت یان لابردن ودامەزراندنی کارمەندانان لەو پۆستانەی هەیە، ئەویش بەگوێرەی پێویست. بێ بوونی یاسایێکی ئیداری بۆ بەرێوەبردنی کارەکان ومامەلەکردن لەگەڵ کارمەندان ومافەکانیان کارەکان هەمووی لە چوارچێوەی بڕیاروو ئارەزووی خاوەن پۆستەکان دەمێنێتەوە.

7. پێویستە هەموو دامەزرانێ لە دامووەدزگا ئیداری وحزبێکان کاتی بێت، مەبەست بۆ ماوەی یەک (1) ساڵ بێت بۆ ئەوەی لەو ماوەی یەک ساڵە دڵسۆزی وتواناکانی ئەو کارمەندانە دیاری بکرێ، ئەگەر ئەو کارمەندە لەو ماوەی یەک ساڵە نەیتوانی کارەکانی بەشێوەێکی پێویست ئەنجام بدات، یان کارێکی نارەوای لە ڕێگای پۆستەکەیەوە ئەنجام بدات وەلابخرێت وکەسێکی تر لەجێ بخرێتە سەرکار.

هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕێگای سیستێمی دامەزراندنی کارمەند بۆ ماوەێکی دیاری کراو توانیوانە تواناو ئامدەی کارمەند بناسن، ئەگەر کەسەکە لەرێگای گەندەڵیشەوە ئەو پۆست وکارەی دەسەتکەوتبێ ئەوا بەئاسانی دەکرێ لەسەر کارەکەی لابرێت، بەڵام ئەگەر کارەکەی هەمیشەیی بێت ئەوا ئەنجامی پاکسازێکە سەخت دەبێت وکێشەی یاسای و ئیداری بەدواوەدەبێت. دامەزراندنی کارمەندی هەمیشەی دەبێتە هۆی ئاسانکاری بەردەوامی کاری گەندەڵی، ئەو کەسانەش دەتوانن لەرێگای پۆستەکانیانەوە خەڵکی تری نزیکی خۆیان بهێننە سەر کارو گەندەڵیکە ئاڵۆزتر بکەن.

دیارە چاکسازی زۆر پێویستە بۆ دامودەزگا ئابووری وکۆمەڵایەتێکان، بەڵام پێویستە لەپاڵێوە پاکسازی ئەنجام بدرێت. بێ پاکسازی لەناو دامودەزگا ئەداری وحیزبێکان ناکرێ پرۆسەی چاکسازی سەربگرێت، ئەو کەموکۆریانە وەک خۆی دەمێنێتەوە. مانەوەی کەموکۆرێکان وتێپەربوونی کات بەسەریا تەنها کارەکان ئاڵۆزتر دەکات وچارەسەرکردنی لەدووارۆژ مەحاڵە.
ئەوەی ئاشکارو روونە هەمیشە کێشەی چاکسازی رووبەرووی کێشەی سیاسی دەبێتەوە، نموونەش هەموو ئەو وڵاتانەی دووای سەربەخۆن، ئەو کەسایەتیە سیاسیانەش لەبەر بەرژەوەندی تاکایەتی، ئابووری وەکۆمەڵایەتی خۆیان هەمیشە رێگردەبن بەرامبەر هەموو گۆرانکاری وچاکسازێک کە هەرەشە لە بەرژەوەندێکانیان دەکات.
بێ پاکسازی لەدامودەزگا حزبێکان، کە پۆستە حزبێکان دەکرێتە سەکۆی پاراستن وبەردەوامی کاری گەندەڵی تیای، هەمیشە هەرەشەو مەترسێکان دەمێنێتەوە. پێویستە پیاچوونەوەێکی تەواو بەسەر هەموو بەشەکانی حزبەکە بکرێت وئەو کەسانەی کە لەرابردوو پێویست بوون لە دامودەزگا حزبێکان بەلابخرێنەوەو خانەنشیین بکرێن یان رێگا بەبەردەوامیان نەدرێت لەو دامودەزگانە.
نابێ پۆستی حزبی بەکاربهێنرێ بۆ دامەزراندنی کەس وکار خزم لە دامودەزگا ئیداری وحزبێکان، چوونکە هەمیشە کەسانێک هەن ئەو پۆستە حزبیانە بەکاردەهێنن بۆ دامەزراندن وپۆست دان بە دەوروپشتەکانیان، لەو رێگەشەوە رێگا لەخەڵکی پسپۆر وپێویست دەگرن بۆ خزمەتگوزاری لە کۆمەڵگاو، ئەنجامەکەشی تەنها بەرەو]اشەوە بردنی وڵات وبێزاری خەڵکی دەبێت.
ئەمرۆ زۆر لەو گەندەڵیانەی کەباسی لێوەدەکرێ، ئەو گەندەڵیانەن کە کەسانی خاوەن پۆست، منداڵیان، خوشک وبرا یان کەس وکاری خۆیان دەخەنە سەر کارو پۆستیان دەدەنێ.
پێویستە رێگا بەهیچ کەسێک نەدرێت بەوەی کە کەسێکی نزیکی پۆستێکی تری سیاسی یان ئیداری وەربگرێت، کاتێ وەرشی گرت بخرێتە ژێر پرسیار و کۆنترۆلەوە کە ئەگەر ئەو کەسە لەرێگای توانای زانستی خۆیەوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، یان لەرێگای کەسێکی خاوەن پۆست ودەسەڵات.
بۆ سەرکەوتنی چاکسازی پێویست بە پاکسازێکی تەواوە لە هەموو دامودەزگا ئیداری وحزبێکان، بێ پاکسازی کارو پرۆسەکە نابەجێ ونیوە دەبێت، ئەو کێشانەی کە ئەمرۆ هەن، لەدوارۆژ دیسانەوە سەر هەڵدەدەن، یان زیاتر دەبن. کاتێ چاکسازی سەردەگرێ کاتێ کەسانی گەندەڵ ونەشارەزا لە پۆستەکانیان نەمێنن، کەسانێک بێنە جێان کە خاوەن زانست وپسپۆربن لە بوارە جیاکان کە کۆمەڵگاو دامودەزگاکان پێویستیانە، نەک کەسانێک کە تەنها لەبەر خزمایەتی یان حزبایەتی کارو پۆستی بەرزیان دەستکەتووە.
ئێمەی کورد وکۆمەڵگاکەمان، بێ پاکسازی لەناو دامودەزگا ئیداری وحیزبێکان ناتوانیین گەشەێکی ئەوتۆی پێویست لەهەموو بوارەکان ئەنجام بدەین، کارێکیش بکەیەن کە ئەنجامی کارەکانمان بەرهەمهێنەربێت، نەک تەنها بەکارهێنەربێت.
ئەو کۆمەڵگانەی کە بەرهەمهێنەر نیین، ئەوانەن کە بەرنامەێکی ئابووری وئیداری مۆدێرنیان نیەو گەندەڵێکی زۆریان تیابەدی دەکرێ، ئەو کۆمەڵگانەی کە سەروەت وئابووری وڵاتەکەیان دەچێتە گیرافانی خەڵکانی گەندەڵەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە تەسکەکان.
ئەمرۆ زۆر لەو پۆستە حزبی وئیداریانەی کوردستان لەرێگای پەیوەندیە خزمایەتی وحزبێکانەوە ئەنجام دەدرێت، کەسانێک هەن کە پۆستی حزبی وئیداریان وەرگرتووە کە

نەک تەنها هیچ شارەزایێکیان لەبواری کارەکەیان نیە، بەڵکو بوونەتە کیشەیێک بۆ خودی دەسەڵات وداموودەزگاکان، لەرێگەی ئەو کارو وپۆستانەوەیان کاری گەندەڵی ئەنجام دەدەن وبەرژەوەندیە گشتێکان بەلایانەوە زۆر بێمانایەو هیچ گرنگێکی ئەوتۆی نیە.

پێویستە پێش ئەنجامدانی چاکسازی، پاکسازێکی تەواوی هەموو داموودەزگا ئیداری وحزبێکان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانیین لەدوارۆژ لەسەر بەرنامەێکی زانستی مودێرن چاکسازێکی تەواوی داموودەزگاکان ئەنجام بدەین.

Shah. wahab@gmail. com